**بەش (یاسا)**

**کۆلێژ (یاسا)**

**زانکۆ (سەلاحەددین هەولێر)**

**ناوی بابەت: التشريعات المكملة في القانون الخاص:**

**1.قوانين حماية حقوق الملكية الفكرية**

**2.قانون حماية المستهلك**

**3.قانون الإستثمار**

**4.قانون رعاية القاصرين**

**پەرتووکی کۆرس – ساڵی پێنجەم**

**ناوی مامۆستا (پ.ی.د.ئالان بهاءالدين عبدالله)**

**(بكالوريوس 2001 – ماستەر 2007 – دكتورا 2013)**

**ساڵی خوێندن: 2022-2023**

# پــەرتــووکی کــۆرس

# Course Book

| | |
|---|---|
| **1. ناوی کۆرس** | **التشريعات المكملة في القانون الخاص** (قوانين حماية حقوق الملكية الفكرية – قانون حماية المستهلك – قانون الإستثمار – قانون رعاية القاصرين) |
| **2. ناوی مامۆستای بەر پرس** | **پ.ی.د.ئالان بهاءالدين عبدالله المدرس** |
| **3. بەش/ كۆلێژ** | بەشی یاسا – کۆلێژی یاسا |
| **4. لینکی پەیوەندی** | ئیمەیل (alan.abudulla@su.edu.krd)<br>مۆبایل (07504480768) |
| **5. یەکەی خوێندن (بە سەعات) لە هەفتەیەک** | دوو کاتژمێر لە هەفتەیەکدا کە بە شێوەی ئۆنلاین یان ئەلیکترۆنی یان لە پۆلدا دەگووترێتەوە بەپێی رێنمایی زانکۆ |
| **6. ژمارەی کارکردن** | شەش کاتژمێر لە ماوەی هەفتەیەکدا |
| **7. کۆدی کۆرس** | Lw0506 |
| **8. پرۆفایەلی مامۆستا** | لە ساڵی (2004) راژەی فەرمانبەرایەتی گوواستۆتەوە لە دیوانی چاودێری دارایی هەرێمی کوردستان بۆ سەر میلاکی سەرۆکایەتی زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر. دوای ساڵێک لە کارکردن لە نووسینگەی بەڕێز سەرۆکی زانکۆ، خۆی تەرخان کرد بۆ تەواوکردنی خوێندنی ماستەر لە یاسای تایبەت لە کۆلێژی یاسا لە زانکۆی سەلاحەددین. دوای بەدەستهێنانی بروانامەی ماستەر، دوو ساڵ وەك بەڕێوەبەری کاروباری یاسایی زانکۆی سەلاحەددین کاری کردووە. لە ساڵی (2009) خۆی تەرخان کرد بۆ تەواوکردنی خوێندنی دکتۆرا کە لە ساڵی (2013) بە دەستی هێنا لە هەمان زانکۆ. لە ساڵی (2006)ـەوە وەك مامۆستا لە بەشی یاسا لە خزمەتکردن بەردەوامە. بۆ ماوەی (3) سێ ساڵ (2016-2019) وەك خواستن لە زانکۆی لوبنانی فەرەنسی کاریکردووە و لە ساڵی خوێندنی (2018-2019) وەك راگری کۆلێژی یاسا وپەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە زانکۆی لوبنانی فەرەنسی کاریکردووە. |
| **9. وشە سەرەکیەکان** | خاوەندارێتی هزری / داهێنان / هێما بازرگانییەکان / دیزاینە پیشەسازییەکان / مافەکانی بەکاربەر / ئەنجومەنی پاراستنی بەکاربەر / وەبەرهێن / دەستە و ئەنجومەنی باڵای وەبەرهێنان / مافەکانی ناکام |

## 10. ناوەڕۆکی گشتی کۆرس:

ئەمڕۆ وڵاتان هەنگاوی راستەقینیان ناوە بۆ بەهێزکردنی ئابوورییەکەیان، چونکە گەیشتوونەتە ئەو راستییەی کە ناکرێت باس لە وڵاتێکی بەهێز یاخود هاوڵاتییەکی خۆشگوزەران بکرێت بەبێ ئەوەی ئەو وڵاتە ئابوورییەکی بەهێز و پتەوی هەبێت.

بونیادنانی ئابورییەکی بەهێز پێویستی بە چەند کایەکی سەرەکی هەیە کە گرنگیدان بە پاراستنی مافەکانی خاوەندارێتی هزری و پاراستنی مافەکانی بەکاربەران و هەروەها گرینگیدان بە پرۆسەی وەبەرهێنان بە تایبەت رێگەدان بە سەرمایەتی بیانی بۆ ئەوەی هاوکار بێت لە بونیادنانی ژێرخانی ئابووری یەکێکن لەو کایە بەهێزانە چونکە ئەمڕۆ گەشەی دارایی و فراوانبوونی چوارچێوەی بازرگانی نێودەوڵەتی و بووژانەوەی ئابووری هەموویان بەندن بە پاراستنی مافەکانی خاوەندارێتی هزری و پاراستنی مافەکانی بەکاربەران و هەروەها وەبەرهێنەکان.

هاوتەریب لەگەڵ باسکردنی ئەم سێ بابەتەی سەرەوە ، بابەتێکی تر قسەی لەسەر دەکرێت ئەویش مافەکانی کەسی ناکامە لە چوارچێوەی یاسا بەرکارەکانی هەرێمی کوردستان ، بێ گومان قسەکردن لەسەر مافەکانی ناکام وەهروەها ئەرکەکانی وەلی یان وەصی یان قەیم لە کاتی بەڕێوەبەردنی سەرمایەی کەسی ناکام بەشێکی زۆری ئەم باسەیە لەخۆ دەگرێت.

خوێندنی ئەم چوار بابەتە لە ئەمساڵی خوێندن، هەوڵێکە بۆ ناساندنی قوتابیانی قۆناغی پێنجەم لە بەشی یاسا بە چەمکی پاراستنی مافەکانی خاوەندارێتی هزری و پاراستنی مافەکانی بەکاربەران و وەبەرهێنەرەکان و کەسی ناکام و گشت ئەو بابەتانەی کە لە ژێر سێبەری ئەم چوار بابەتە بوونیان هەیە. ئەم خوێندنەش لە ژێر چوارچێوەی یاسا بەرکارەکانی هەرێمی کوردستان دەبێت و هەروەها ئاماژە بە گرنگترین ئەو رێکەوتنامە نێودەوڵەتییانەش دەکرێت کە پەیوەستن بەم چوار بابەتە سەرەکییانە.

## 11. ئامانجەکانی کۆرس

1. ئاشناکردنی قوتابیان بە دەقەکانی یاساکانی پاراستنی مافەکانی خاوەندارێتی هزری و یاسای پاراستنی مافەکانی بەکاربەر و یاسای وەبەرهێنان و یاسای چاودێریکردنی ناکامەکان
2. راهێنانی قوتابیان لەسەر شیکردنەوەی دەقە یاساییەکان و چۆنیەتی گەیشتن بە مەبەستی یاسادانەر.
3. دروستکردنی رۆشنبیرییەکی قانونی لای قوتابیان تایبەت بە پاراستنی مافەکانی خاوەندارێتی هزری و مافەکانی بەکاربەر و مافەکانی وەبەرهێن و مافەکانی ناکام.

## 12. ئەرکەکانی قوتابی

پێویستە لەسەر قوتابی لە ماوەی ئەم کۆرسەدا ئامادەبێت چ لە کاتی گووتنەوەی وانە بە ئۆنلاین یاخود لە پۆلەکانی وانەگوتنەوە یان بە هەر شێوەیەك کە زانکۆ بڕیاری لەسەر دەدات. هەروەها پێویستە لەسەر قوتابی بە باشی خۆی ئامادە بکات بۆ تاقیکردنەوەکانی وەرزی یا هەر تاقیکردنەوەیەکی تر کە لەلایەن مامۆستای بابەتەوە دیاری دەکرێت. هەروەها، پێویستە لەسەر قوتابی بە هاوکاری لەگەڵ مامۆستای بابەت لە ماوەی ساڵی خوێندندا راپۆرتێك ئامادەبکات و پێشکەشی بکات لە سنووری بابەتەکەی و چەندین وتاریش بنوسیت بۆ ئەم مەبەستە.

## 13. ڕێگەی وانە گووتنەوە

1. باسکردنی بابەت لەلایەن مامۆستا و گفتوگۆ کردن لەگەڵ قوتابیان.
2. ئامادەکردنی پەیپەری کار.
3. بە گرووپ کردنی قوتابیان و پێدانی ئەرك پێیان و ئەنجامدانی کێبرکێ لە نێوان گرووپەکان.
4. بەکارهێنانی داتاشۆ بۆ پیشاندانی کورتەی وانەکان و دەقەکان.
5. پێدانی پرسیار و وەڵامی نموونەیی لەسەر بابەتە پێشکەش کراوەکە.

## 14. سیستەمی هەڵسەنگاندن

1. لە ماوەی ئەم ساڵی خوێندندا یەك تاقیکردنەوەی نیوەی ساڵ لەسەر (30) نمرە ئەنجام دەدرێت.
2. ئەو (10) نمرەیەی کە لەدەستی مامۆستا دەمێنێتەوە ، بە قوتابی دەبەخشرێت لە بەرامبەر: ئەو چالاکییانەی کە لە ناو هۆڵی خوێندن لە کەمپەس یان بە ئۆنلاین ئەنجامی دەدات و ئەو نمرانەی کە لە تاقیکردنەوەی رۆژانەدا بە دەستی دەهێنێت وهەروەها ئەنجامدانی ئەو ئەرکانەی کە پێی دەسپێردرێت.

## 15. دەرئەنجامەکانی فێربوون

1. تێگەیشتنی تەواو لەسەر یاساکانی پاراستنی مافەکانی خاوەندارێتی هزری و یاسای پاراستنی مافەکانی بەکاربەر و یاسای وەبەرهێنان و یاسای چاودێریکردنی ناکامەکان.
2. ئاشنابوون و ئاگاداربوون لە کەموکورتییەکانی یاساکانی پاراستنی مافەکانی خاوەندارێتی هزری و یاسای پاراستنی مافەکانی بەکاربەر و یاسای وەبەرهێنان و یاسای چاودێریکردنی ناکامەکان.
3. چۆنیەتی زاڵبوون و چارەسەرکردنی هەر کێشەیەکی یاسایی تایبەت بەم چوار بابەتەی کۆرس.

## 16. لیستی سەرچاوەکان

### أ- سەرچاوە گشتییەکان:


1. د.رياض القيسي، علم أصول القانون، الطبعة الأولى، بيت الحكمة، بغداد–العراق ، 2002.
2. د.محمد سليمان الأحمد، فلسفة الحق، الطبعة الأولى، مكتبة زين الحقوقية والأدبية، بيروت–لبنان، 2017.
3. د.عبدالمنعم البدراوي، المدخل للعلوم القانونية، دار النهضة العربية، بيروت–لبنان ، 1966.
4. د.عبدالله مصطفى، علم أصول القانون، شركة الفكر للتصميم والطباعة المحدودة، بغداد–العراق ، 1996.
5. محمد طه البشير و د.غني حسون طه، الحقوق العينية، الجزء الأول، الطبعة الثالثة، العاتك لصناعة الكتاب، القاهرة – مصر ، 2009.
6. د.عبدالرزاق أحمد السنهوري، الوسيط في شرح القانون المدني الجديد، الجزء الثامن (حق الملكية)، الطبعة الثالثة، منشورات الحلبي الحقوقية، بيروت–لبنان ، 2000.


### ب- سەرچاوەکانی پاراستنی مافەکانی خاوەندارێتی هزری:


1. د.صلاح زين الدين، المدخل الى الملكية الفكرية، الطبعة الأولى، مكتبة دار الثقافة للنشر والتوزيـع، عمان–الأردن ، 2004.
2. د.عصام احمد البهجي، حقوق الملكية الفكرية للأصناف النباتية المعدله وراثيا – دراسة تحليلية، دار الجامعة الجديدة، الإسكندرية–مصر ، 2007.
3. د.صلاح الدين الناهي، الوجيز في الملكية الصناعية والتجارية، دار الفرقان، عمان–الأردن ، 1983.
4. د.أحمد علي عمر، الملكية الصناعية وبراءات الإختراع، مطبعة الحلمية، الإسكندريه–مصر ، 1993.
5. د.حسين توفيق فيض الله، إتفاقيات الـ(WTO/GATT) وعولمة الملكية الفكرية، مطبعة جامعة صلاح الدين، أربيل، 1999.
6. د.اكرم فاضل سعيد قصير، المعين في دراسة النظام القانوني لمؤسسات وأنشطة منظمة التجارة العالمية، الطبعة الأولى، دار السنهوري، بغداد، 2014.


### ت- سەرچاوەکانی پاراستنی مافەکانی بەکاربەر:


1. د.غسان رباح ، قانون حماية المستهلك الجديد ، منشورات زين الحقوقية ، بيروت ، 2006.
2. د.محمد بودالي ، حماية المستهلك في القانون المقارن ، دار الكتاب الحديث ، القاهرة ، 2006.


### ث- سەرچاوەکانی تایبەت بە یاسای وەبەرهێنان:


1. د.آزاد شكور صالح ، الوسائل البديلة لتسوية منازعات عقود الإستثمار الدولية – دراسة مقارنة ، المؤسسة الحديثة للكتاب ، بيروت ، 2016.
2. بشار محمد الأسعد ، عقود الإستثمار في العلاقات الدولية الخاصة ، منشورات الحلبي الحقوقية ، بيروت ، 2006.

**ج- سەرچاوەکانی تایبەت بە یاسای چاودێریکردنی ناکامەکان:**

1. عدنان سدخان الحسن ، دراسة في قانون رعاية القاصرين ، مؤسسة مصر مرتضى للكتاب العراقي ، بغداد ، 2009.
2. د.عصمت عبدالمجيد بكر ، أحكام رعاية القاصرين ، المكتبة القانونية ، بغداد ، 2007.

**ح- یاسا عێراقییەکان:**

1. قانون براءات الإختراع والنماذج الصناعية والمعلومات غير المفصح عنها والدوائر المتكاملة رقم 65 لسنه 1970.
2. قانون حق المؤلف والحقوق المجاورة رقم 17 لسنه 2012 الكوردستاني.
3. قانون حمايه حق المؤلف رقم 3 لسنه 1971.
4. قانون العلامات والبيانات التجارية رقم 21 لسنه 1957.
5. القانون المدني رقم 40 لسنه 1951.
6. قانون التجارة رقم 30 لسنه 1984.
7. قانون العقوبات رقم 111 لسنه 1969.
8. قانون حماية المستهلك رقم 1 لسنه 2010.
9. قانون رعاية القاصرين رقم 78 لسنة 1980.
10. قانون الإستثمار الكوردستاني رقم 4 لسنة 2006
11. قانون الإستثمار العراقي رقم 13 لسنة 2006.
12. الأنظمه والتعليمات المتعلقة بحماية حقوق الملكية الفكرية وحقوق المستهلك و حقوق المستثمر وحقوق القاصرين.

**17. بابەتەكانی كۆرس**

| هەفتەكان | بابەتەكان |
|---|---|
| هەفتەی یەكەم | تصور عام حول الملكية الفكرية |
| هەفتەی دووەم | اتفاقية تريبس ومنظمة التجارة العالمية |
| هەفتەی سێیەم | براءات الإختراع |
| هەفتەی چوارەم | براءات الاختراع |
| هەفتەی پێنجەم | النماذج الصناعية |
| هەفتەی شەشەم | الرسوم الصناعية |
| هەفتەی حەفتەم | العلامات التجارية |
| هەفتەی هەشتەم | العلامات التجارية |
| هەفتەی نۆیەم | حق المؤلف والحقوق المجاورة |
| هەفتەی دەیەم | حق المؤلف والحقوق المجاورة |
| هەفتەی یازدەم | الأسرار التجارية |
| هەفتەی دوازدهم | قانون حماية المستهلك |
| هەفتەی سێزدەم | قانون حماية المستهلك |
| هەفتەی چواردەم | إمتحانات نصف السنة |
| هەفتەی پازدەم | إمتحانات نصف السنة |
| هەفتەی شازدەم | عطلة نصف السنة |
| هەفتەی هەژدەم | قانون حماية المستهلك |
| هەفتەی نۆزدەم | قانون حماية المستهلك |
| هەفتەی بیستەم | قانون الإستثمار |
| هەفتەی بیست ویەك | قانون الإستثمار |
| هەفتەی بیست ودوو | قانون الإستثمار |

| هەفتەکان | بابەتەکان |
|---|---|
| هەفتەی بیست وسێ | قانون الإستثمار |
| هەفتەی بیست وچوار | قانون الإستثمار |
| هەفتەی بیست وپێنج | قانون رعاية القاصرين |
| هەفتەی بیست وشەش | قانون رعاية القاصرين |
| هەفتەی بیست وحەفت | قانون رعاية القاصرين |
| هەفتەی بیست وهەشت | قانون رعاية القاصرين |
| هەفتەی بیست و نۆ | الإمتحانات النهائية |
| هەفتەی سی | الإمتحانات النهائية |

**18. شێوازی پرسیارەکانی تاقیکردنەوەکان**

1. باسکردنی واقیعەیەکی پراکتیکی و وروژاندنی هەندێ پرسیار .
2. راستی و ناراستی ئەم دەستەواژانەی خوارەوە دیاری بکە لەگەڵ باسکردنی هۆیەکەی.
3. ئەمانەی خوارەوە بە کورتی وەڵام بدەرەوە.
4. شرۆڤەی ئەم دەستەواژانەی خوارەوە بکە.
5. بەراوردکردن و بژاردە .
6. راست و چەوت و راستکردنەوەی چەوتەکان.
7. لێکەوتەی یاسایی ئەم حاڵەتانەی خوارەوە دیاری بکە.
8. هەڵوێستی یاسادانەری عێراقی لەم بابەتانەی خوارەوە باس بکە.